
چیرۆك بۆ منداڵان
سۆمای پاگژ
زیاد ڕەشاد قادر
هەولێر ٢٠١٢

چیرۆك بۆ منداڵان

# سۆمای پاگژ

زیاد ڕەشاد قادر
Zirak1974@yahoo.com

٢٠١٢ هەولێر



# پێناسی کتێب


- ناوی کتێب: سۆمای پاگژ
- نووسینی: زیاد ڕەشاد قادر
- دیزاینی بەرگ و ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ
- تایپ: پەیام زیاد
- نیگارەکان: مەریەم عەبدوڵڵا
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ساڵ و نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٢
- شوێنی چاپکردن: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر
- مافی لە چاپدانەوەی: بۆ نووسەرە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٣٢٣)ی ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

# ئازا پەشیمانی دەردەبڕێت



ئازا کوڕێکی زیرەك و ژیرە، هەمیشە ئەگەر لەبارەی شتێکەوە زانیاری نەبێت، لە دایك و باوکی، یا لە مامۆستاکانی پرسیار دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کوڕێکی سەرکەشە و هەندێ جار لە قسە و ئامۆژگارییەکانی دایە و بابە دەردەچێت، یا هەندێ کەڕەت، لە چوونە دەرێ و خواردن و خواردنەوەدا خۆی لەگەڵ هەندێ گیانەوەردا بەراورد دەکات و دەیەوێ چاویان لێ بکات.

هاوینی ڕابردوو دایك و باوکی ئازا، زۆر لەگەڵی خەریك بوون تا لە کاتی گەرمای بەتیندا نەچێتە دەرەوە، چونکە ئازا هەمیشە پێی دەگوتن: « بۆچی باڵندەکان لە کاتی گەرماشدا لە دەرەوەن، ئەدی بۆ قاز و مراوی نەخۆش ناکەون؟».

دایك و باوکیشی هەموو دەم پێیان دەگوت کە گیاندار لە مرۆڤ جودایە و مەرج نییە ئەگەر تیشکی ڕۆژ لە هاویندا کاری لە گیانداران نەکرد، ئەوا بۆ مرۆڤیش هەر وابێت.

ئازا لەم ڕۆژانە دوای ئەوەی لەگەڵ هاوڕێکانیدا سەردانی باخچەی ئاژەڵانی کرد، بۆ ئێوارەکەی کە گەڕایەوەماڵەوە، گێزەرێکی لەناو یەخچاڵەکە هێنایە دەرێ و خواردی، هەرچەندە دایك و باوکی پێیان گوت کە پێویستە دەستەکانی بشوات و گێزەرەکەش جوان بشواتەوە ئەنجا بیخوات، بەڵام سوودی نەبوو، ئازا دەیگوت: «ئەدی بۆ کەروێشکە خرینەکەی باخچەی گیانداران بێ دەست شوشتن

و بێ شۆردنەوی گێزەرەکە نەخۆش ناکەوێت؟».

پاش ماوەیەك ئازا تووشی سکچوونێکی توند هات، کاتێك گەیاندیانە نەخۆشخانە، پزیشك ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بەهۆی خواردنی پیسەوەیە، هەروەها پزیشك پێی گوت کە هەرگیز نابێت مرۆڤ لە چوونە دەرەوە و خواردن و خواردنەوە و هەر هەڵسوکەوتێکی تردا لاسایی گیانداران بکاتەوە، دەنا دوچاری سکچوون و نەخۆشی دیکەی خراپتر دەبێت.

بۆیە ئازا لەو ڕۆژەوە وازی لەو ڕەفتارەی هێنا و داوای لێبووردنیشی لە دایك و باوکی کرد، بەڵێنیشیدا بۆ لەمەودوا هەرگیز خۆی بە گیانداران بەراورد نەکات و لە خەو و خواردن و جلپۆشین و ڕەفتارەکانیدیکەدا لاساییان نەکاتەوە.





# دەفتەری یادگاری

دوو ساڵ لەمەوبەر ئەو کاتەی (خەندە) و هاوڕێکانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی بوون، خەندە دەفتەرێکی چکۆلانەی تایبەت کرد بە نووسینی یادگاری و دەیدایە مامۆستا و قوتابییە هاوپۆلەکانی، تا هەر یەکە چەند ڕستەیەکی بۆ بنووسن. ئەوسا بەشێك لە هاوەڵەکانی خەندە گاڵتەیان بەو جۆرە کارانە دەهات و هەندێکیشیان پێیان وابوو ئەم دەفتەرە هەر زوو دەدڕێت و ون دەبێت، بۆیە ئەگەر دەستخۆشی و هاندانی مامۆستاکان و دایك و باوکی نەبووایە ڕەنگبوو خەندەش لەو کارەی پەشیمان بایەتەوە.
ئێستا خەندە و هاوڕێکانی لە پۆلی شەشەمی بنەڕەتیدا دەخوێنن، ئەمڕۆ ئەو، دەفتەری یادگارییەکەی هێناوەتە قوتابخانە و لەگەڵ قوتابییەکاندا سەیری ڕستە ڕستە و بڕگە بڕگەی ناو لاپەڕەکانی دەفتەرەکە دەکەن، تا ئەو دەمەی مامۆستا (زەینەب) کە مامۆستای وانەی هونەرە دێتە ژوورەوە، کەسیان ئاگایان لە دەرس و مامۆستا نییە، مامۆستا زەینەب لای هەموو قوتابییەکان خۆشەویستە و ڕێزێکی زۆری لێ دەگرن، دوای ئەوەی مامۆستا لە سەرقاڵی قوتابییەکان تێدەگات، دەفتەرەکە بەدەستەوە دەگرێت، بەدەنگی خۆی نووسینی خۆی و چەند قوتابییەك دەخوێنێتەوە.
هەمووان دەستخۆشی لە خەندە دەکەن و خۆزگە دەخوازن ئەوانیش هاوشێوەی ئەو، دەفتەرێکی یادگارییان چێکردبا..

لەو کاتەدا مامۆستا زەینەب لە قوتابییەکان دەپرسێت: «کێ دەزانێ ئەم دەفتەرەی خەندە چیمان پێدەڵێ و بە کەڵکی چی دێ؟»

کاریز دەڵێ: «لە ئەلبومی وێنە دەچێت».

بەهرە دەڵێ: «بەبڕوای من ئەم دەفتەرە وەك ئاهەنگێکی دوو ساڵ تۆمارکراوی لەمەوبەرە»

دڵگەش دەڵێ: «هەر بەهای تەواو نابێت»

خەڵات دەپرسێ: «ئەرێ بۆ چاپی نەکەین؟»

سارا پێدەکەنێ و دەبێژێ: «نازانم ئەو قسە سەیرانەی ئەو کاتم چۆن نووسیوە، ئەگەر چاپتان کرد ئەوەی من لابدەن...»

پاداشتیش دەڵێ: «منیش دەسکاری نووسینەکەی خۆم دەکەم».

زینە پێشنیار دەکا کە جارێکیدی نووسینەکانی ناو دەفتەرەکە داڕشتنەوەی بۆ بکەن و بەجوانی بینووسنەوە و چەند دانەیەکی لێ کۆپی بکەن....

مامۆستا زەینەب ڕوودەکاتە قوتابییەکان و دەڵێ: « نا ئەزیزەکانم، بەهای ئەو دەفتەرە لەوەدایە کە دوو ساڵی بەسەردا ڕەتبووە، چەندە کۆنتریش بێ خۆشەویستتر و کاریگەرتر دەبێ، پێویستە بزانین دەفتەرەکەی خەندە بەووە جوانە کە هەریەکە بەدەسخەتی خۆی شتێکی نووسیوە کە گوزارشت لەوسامان دەکات»

ماموّستا زەینەب زێتر دەڵێ: «هەندێکتان گوتتان دەفتەرەکە لە ئەلبوم و ئاهەنگی تۆمارکراو دەچێت، ئەوە زۆر ڕاستە، دەشگونجێ بڵێین لە پارچەیەکی شوێنەوار دەچێ کە دەبێ بیپارێزین، وەلێ نابێ بە ناوی جوانکردن و ڕێکخستنەوەی دەستکاری بکەین و سیما و ئادگاری دوو ساڵ لەمەوبەری لەسەر لاببەین...»

قوتابییەکان پێکەوە سوپاسی مامۆستا زەینەبیان کرد و خەندەش ڕووی کردە مامۆستا و هاوڕێکانی و گوتی: «بمزانیبا هێندە دڵتان پێ خۆش دەبێ لە پۆلی یەکەوە دەفتەرەکەم چێدەکرد».

زەنگی کۆتایی وانەی هونەر لێدرا و هەموو حەزیان دەکرد وانەکە چەند کاتژمێرێکی دیکەی خایاندبا...

مامۆستا زەینەب خواحافیزییان لێ دەکا و دەڵێ: وانەی داهاتوو هەر یەکەتان دارشتنێك لەسەر ئەم وانەیە بنووسن.

تێبینی: ئەوەی خوێندتانەوە، دارشتنی (دلڤین)ە، کە یەکێکە لە هاوڕێ نێزیکەکانی خەندە.



# لەخۆبایی بوونی
# لووت و گوێ

(لووت) و (گوێ) ماوەیەك بوو تەواو لەخۆیان بایی بووبوون و ماوە ماوە دەستیان بە بۆڵەبۆڵ دەکرد، بەتایبەت لەوەتەی (چاو) چاویلکەیەکی بۆ هاتبوو. ئەوان هەردووکیان دەیانگوت: «باشە (چاو) کز و لاواز بووە و پێویستی بە چاویلکە هەیە، بەڵام بۆ دەبێ ئێمە بۆی هەڵبگرین و ببینە شاگرد و حەمباڵ؟».

(لووت) و (گوێ) دەیانویست (برۆ) و (زمان) و (ددان) و ئەندامەکانی تریش لە دژی (چاو) هان بدەن و وابکەن یان چاویلکەکە فڕێبدات، یاخود خۆی هەڵیبگرێت. بۆیە دوای ماوەیەك (برۆ)شیان هێنا ریزی خۆیان و لە دژی چاو کەوتنە جموجوڵی فراوانتر، (برۆ) بیروڕای لە (لووت) و (گوێ) زۆر نێزیك بوو و بگرە هەندێ جار لەوانیش داخلەدڵتر دەردەکەوت، (برۆ) پێی وابوو (چاو) هیچ کەڵکی بۆ ئەوان نییە، بەڵکو ئەوان بە هەموویان دەبێ گشت کات پارێزگاری لێ بکەن، لەبەرهەندێ زوو زوو دەیگوت: «وای ئەگەر من نەدەبووم، لەمێژبوو ئارەقی نێوچەوان ئەو دوو چاوەی کوێر کردبوو».

بەڵام تێڕوانینی (زمان) و (ددان) تەواو پێچەوانەی (گوێ) و (لووت) و (برۆ) بوو. بۆیە ئەو دووانە، دوای چەند جارێك گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتریدا، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە

هەبوون و بەهێزیی (چاو) بۆ هەموو ئەندامەکان زۆر جێگەی بایەخە، بەپێچەوانەوەش لاوازی یا خوانەخواستە کوێربوونی، کارەساتێکی گەورەی بەدواداد‌یت، بۆیە نەخشەیەکی وردیان کێشا تا دۆخەکە هێور بکەنەوە و کارێك بکەن (لووت) و (گوێ) و (برۆ) لەو پلانەیان پاشگەز ببنەوە.

(ددان) و (زمان) چوونە لای چاو و پێیانگوت کە ماوەیەك چاویلکەکە فڕێبدات و بە (پێڵوو)شیان گوت چەند ڕۆژێك دەرگا لە سەر (چاو) کلۆم بدات.

ماوەیەکی کەم دوای جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە، سەری (لووت) بەر دیوارێك کەوت و ئازارێکی زۆری پێگەیشت، لەبەرئەوە (لووت) بەپەلە خۆی گەیاندە (گوێ) و پێی گوت کە ئەو چیدی دژایەتی (چاو) ناکات و چاویلکەکەشی بەبێ بۆڵەبۆڵ بۆ هەڵدەگرێت، (گوێ)ش کە بەم ماوە کەمە زۆر ماندوو بووبوو، بەهۆی ئەوەی هەر زانیارییەك هەبایە دەبوو باش خۆی تۆماری بکردایە، ئەنجا بیگەیاندایەتە (دەماخ)، بەکورتی ئەرکی (چاو)یش بەو سپێردرابوو، بۆیە ئەویش لە (لووت) زیتر لە بارودۆخەکە بێزار بووبوو. لەبەرئەوە خۆیان گەیاندە (ددان) و (زمان) کە لەو بڕیارەیاندا پاشگەز بوونەتەوە و ئامادەن بێ هیچ پرتە و بۆڵەیەك چاویلکە بۆ (چاو) هەڵبگرن. (برۆ)ش کە حاڵی شپرزی

ئەوانی دیت، بەر لەوەی هیچ کارەساتێکی بەسەر بێت هاتە ریزی پەشیمان بووەکان.

(زمان) و (ددان) بە (پێڵوو)یان گوت تا دەرگاکەی کردەوە. (لووت) و (گوێ) داوای لێبوردنیان لە چاو کرد و چاویلکەکەشیان جوان خستە سەرشانیان، (برۆ)ش بە شەرمەزارییەوە گوتی: «منیش ببەخشە و هەمووومان دەتپارێزین».

(چاو) تەماشایەکی پێکەنیناوی هەمووانی کرد و گوتی: « کەواتە هەر یەکە ئەرك و بایەخی خۆی هەیە و با کەسیش لە خۆی بایی نەبێت».



# بۆقی لەخۆبردوو

یەکێك لە مشکەکان تۆپێکی تازەی پەیدا کردبوو، بۆیە مریشك و کۆتر و کەروێشکی لە خۆی کۆ کردەوە و داوای لێ کردن فوتبۆڵێنی لەگەڵدا بکەن، ئەو سێیانەش ئەم داوایەی مشکەیان زۆر بە دڵ بوو و کەوتنە یاری کردن، لەو کاتەدا بۆقێك بەوێدا تێپەڕی، هەڵوێستەیەکی کرد و تاوێك بە دیاریانەوە وەستا، زۆر حەزی دەکرد ئەویش بەشداریی یارییەکەی کردبان، لەبەرئەوە پێی گوتن:

«ئەگەر ڕێم پێ بدەن یاریتان لەگەڵدا بکەم، گۆرانی خۆش خۆشتان بۆ دەڵێم».

هەر یەکە لە کەروێشك و مریشك و کۆتر، پێیان خۆش بوو بۆقیش بێتە ناو گەمەکەوە، وەلێ مشك (کە خاوەنی تۆپەکەش بوو)، بەبیانووی ئەوەی بۆق ناتوانێ وەك ئەوان غار بدات، قایل نەبوو بێتە ناو گۆڕەپان و بە توندی سەرکۆنەی برادەرەکانیشی کرد و پێی گوتن:

«نابێ بهێڵین پێی بەر تۆپەکە بکەوێت».

هەر یەك لە مریشك و کۆتر و کەروێشك، هەوڵی زۆریان دا تا بڕوا بە مشك بێنن و قایل ببێ بە یاری کردنی بۆق، بەڵام بێ سوود بوو، بۆیە یارییەکەیان بێ بەشداری بۆق دەست پێ کردەوە، بۆقەکەش چووە سەر گردۆڵکەیەك وەستا و بە دڵشکاوی

تەماشای یارییەکەیانی دەکرد.

یاری بەردەوام بوو، لێ لەناکاو تۆپەکە کەوتە ناو گۆماوێکەوە، مشك و سێ هاوڕێیەکەی چوونە لێواری گۆمەکەوە، بەڵام هەرچی کردیان کەسیان لە خۆیان ڕانەدیت، خۆیان بخەنە ناو گۆم، ئاخر گۆمەکە قوڵ و پڕ ئاو بوو، ئەوانیش هیچیان مەلە نازانن، ئەدی چی بکەن؟ چۆن تۆپەکەیان بێننە دەرێ؟ پێکەوە زۆر قسە و تەگبیریان کرد، هیچیان کەڵکی نەبوو...

لەو کاتەدا کۆترەکە گوتی:

«من دەتوانم بۆقی هاوڕێمان ئاشت بکەمەوە و بچێ تۆپەکەمان......».

هێشتا کۆتر قسەکەی تەواو نەکردبوو، بۆقەکە بە قیرەقیڕ لەسەرگردۆڵکەکە شۆڕ بۆوە و خۆی خستە نێو گۆمەکەوە، لە چاوتروکانێکدا تۆپەکەی خستەوە دەستی مشك...

کۆتر و مریشك و کەروێشك چەپڵەی ئافەرینییان بۆ بۆقە ئازایەکە لێدا، مشکیش داوای لێبووردنی لە بۆق کرد و بە شەرمەزارییەوە پێی گوت:

«بمبوورە، تۆ لە من باش و لەخۆبردووتر بووی ئازیزم...».




# مشتومڕی
# شەکر و خوێ

نەك هەر لەبەرئەوەی ڕەنگی (خوێ)ش وەك ئەو سپییە خۆشینەدەویست، بەڵکو بەشێکی هۆی ڕقلێبوونەوەی (شەکر) لە (خوێ) بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە وەکو ئەو لە هەموو ماڵێکدا هەیە. شەکر خەشم و توڕەییەکەی ئەو کاتە هەڵڕشت کە چەند دەنکێك خوێ ڕژابوونە ناو قوتوویەك شەکرەوە.

شەکر ئەو ڕۆژە شەڕێکی گەورەی نایەوە و بەسەر خوێدا هاواری کرد: ئەوە تۆی هاتووی تێکەڵی ژیانی من بوویت و بەهۆیەوە کەڵکی خواردنم نەماوە. بەڵام خوێ پێچەوانەی ئەو، لەسەرخۆ گوتی:

«بەها و کەڵکی من لە تۆ ئەگەر زیاتر نەبێت، هەرگیز کەمتر نییە».

شەکر: نا چۆن وایە؟ من ڕەچەڵەکم دیارە و خەڵکیش ماندووبوون و شەونخونی زۆر بەدیارمەوە دەبینن تا پێدەگەم.

خوێ: منیش لە خۆمەوە ناچمە هیچ ماڵێك، خەڵکیش دەزانن لەکوێوە دێم و چۆن دەگەمە دەستیان.

شەکر: ڕۆژانە هەزاران مرۆڤ بەهۆی تۆوە فشاری خوێنیان بەرز دەبێتەوە و دەمرن؟

خوێ: ئەگەر باس باسی نەخۆشییە، خۆ ئەوانەی بە نەخۆشی

شەکرەش دەمرن ژمارەیان کەم نییە ئەزیزی من.

شەکر: ئەزیزی تۆ نیم و خۆیشت لەگەڵ من بەراورد مەکە، ئاخر تۆ ناتوانی فنجانێك قاوە وا لێبکەیت بخورێتەوە، خوێی هەموو دنیا بێنێ پێیناکرێ تامی پیاڵەیەك چای شیرین بکات..

خوێ: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ کام چێشتی دونیا بەبێ من بە کەڵکی خواردن دێت!

شەکر ئەمجارە بە دەنگێکی نزمتر پرسی: ئەوە منم شەربەت و شیرینی جوان دەکەم.

خوێ پێکەنی و گوتی: ئەی بۆ باسی نان ناکەیت، خۆ سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی مرۆڤە....

شەکر کە تا ئەو دەمە ڕۆڵی خوێی ئەوەندە بە گرنگ نەبینیبوو لە ژیانی ئادەمیزاددا، لە بەهانەیەك دەگەڕا، لەناکاو گوتی: خۆ بەهای من لە تۆ زیاترە، ڕەنگە پارەی کیلۆیەك شەکر زیاتر لە دە کیلۆ خوێی پێ بکڕدرێت.

دیسان خوێ پێکەنی و گوتی: جا تۆ ئەرکی مرۆڤت قورس کردووە و بەوەش کەم دەچیتە ماڵی هەژاران و کەسانی دەوڵەمەند لەخۆت ڕازی دەکەی، وانییە؟!

شەکر نەیزانی چی بڵێ، بۆیە هاتە سەر یەکەم قسەی و گوتی: بەڵام لێرەدا تێکەڵی من بوویت و مرۆڤ ناتوانێ کەڵکم لێ

وەربگرێت..

لەو کاتەدا کابانی ماڵ هاتە ژوورەوە شەکر و خوێیە تێکەڵاوەکەی خستە ناو تەشتێك هەویرەوە، شەکر پەشۆکا و بە کابانی گوت: نا نا نەکەی ئەم خوێیە تامەکەی تێکداوم بەکارم مەهێنە.

کابان بزەیەکی هاتێ و ڕووی کردە هەردووکیان و گوتی: دەزانم، من تێکەڵاوم کردن بۆ کولیچەی جەژن بەکارتان دێنم.

شەکر حەپەسا و ڕووی کردە کابان: چما خوێش لە کولیچە دەکرێت؟

کابان پێی گوت: ئەی چۆن!

لەو کاتەدا شەکر دانی نا بەوەی هەڵەی کردووە و سەلماندیشی کە سوودی خوێ بۆ مرۆڤ هەرگیز لە سوودی شەکر کەمتر نییە.



# سۆمای پاگژ

ئەو ئێوارەیەی کە (مام باییز) بە (سۆما)ی کچی گوت بەیانی ڕۆژی هەینی دەچن بۆ سەیران و کاتێکی خۆش دەبەنەسەر، سۆما لە خۆشیاندا نەیدەزانی چی بکات، بۆیە دەمێك دەچووە لای (نەسرین)ی دایکی و پێی دەگوت کام جلەی لەبەر بکات و ساتێك دەیچرپاندە بناگوێی (خەلات)ی خوشکە گەورەی چی بۆ خواردن ئامادە بکەن، جارێکیدی دەچوویەوە لای (مام باییز)ی بابی و داوای دەکرد لە شوێنە زۆر جوان و سەرنجڕاکێشەکان وێنەی بگرێت و...

پاشان سۆما پێشنیاری بۆ باوکی کرد کە ئیش و کارەکان لە ئێستاوە ڕێك بخەن و دابەش بکەن، باوکیشی داواکەی قەبوڵ کرد و هەموویان لە ژوورەکەی سۆما کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکان خرایە ئەستۆی مام باییز، بەرپرسیارییەتی گۆشت برژاندن و تکە لێدان بە (نەسرین) سپێردرا، لەم کاتەدا خەلات گوتی «منیش وێنەتان دەگرم و دوای نان خواردن کەلوپەلەکان کۆدەکەمەوە». سۆماش کە ئەمساڵ لە دووەمی بنەڕەتی دەیخوێند، پێی گوتن «شتنی



هەموو شتەکان بۆ من لێگەڕێن، بەڵێن بێ، دەبێ زۆر باش کارەکەی خۆم رابپەڕێنم».

کۆبوونەوە تەواو بوو و هەر کەس چوو بەلای کاری خۆیدا، بەڵام سۆما لە هەمووان زێتر بیری لە کارەکەی خۆی دەکردەوە، بەتایبەت کە لە وانەی کۆتایی ئەو رۆژەدا، مامۆستا زۆر باسی بایەخی پاك و خاوێنی و رۆڵی لە پاراستنی تەندروستی مرۆڤدا بۆ کردبوون. هەر ئەو شەوەش لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا، پزیشکێك بەشێوەیەکی چڕوپڕ باسی لە زیانەکانی نەشۆردنەوەی میوە و سەوزەی کرد.. بۆیە سۆما کە چووە سەر جێگای نووستنی، بڕیاریدا بەیانی بەر لە هەمووان لەخەو هەستێت و چی هەیە بۆ سەیران بیشواتەوە، بەدەم ئەم خەیاڵانەوە خەوی لێکەوت و ئەو شەوە لە خەونیدا لە ئاهەنگێکی گەورەدا مەدالیای پاگژترین منداڵی دنیای پێبەخشرابوو...

بەیانی پێشی هەموویان لە خەو هەستا و لە شۆردنەوەی تەماتە و خەیار و گۆشتەوە دەستی پێکرد و تا پیاز و خاس و سێو. یەك بەیەك هەمووی پاك کردنەوە، پاشان چەند پارچە خەڵوزێکی لەناو عەلاگەیەکی رەشدا دیت، دەریهێنان و بێ ئەوەی هیچ بیری لێ بکاتەوە چەند جارێك لەناو تەشتێك ئاو نوقمی کردن و هێنانیە دەرێ، پاشان خستنیەوە ناو عەلاگەکەوە.

چەند کاتژمێرێك دوای خۆرهەڵاتن خێزانەکەی سۆما گەیشتنە یەکێك لە هاڤینگە دڵگیرەکانی کوردستان، کەلوپەلەکانیان داگرت و هەر زوو هەموویان سەرسام بوون بۆ ئەو ئیشە جوانەی سۆما

کردبووی، چونکە کەلوپەلەکانی هێندە خاوێن و ڕێك دانابوو، وەك دەڵێن دڵت نەدەهات تەماشایان بکەی.

دوای گەڕان و ماندووبوون و یاری و قسەی خۆش، کاتی تکە لێدان هات، نەسرین هەرچی کردی نەیتوانی ئاگر بکاتەوە و خەڵوزەکە گڕی نەدەگرت، بۆیە رووی کردە باییز و گوتی:

«توخوا ئەمە خەڵوزە کڕیوتە؟»

مام باییز سەرێکی لەقاند: «بێنە شخارتەکە بێنە»

ئەویش هەرچی کرد دانەگیرسا. خەڵات دەیگوت «بابە خەتای شخارتەکە نییە؟»

سۆما نەوتی زێتری بەسەر خەڵوزە شۆردراوەکەدا دەکرد، مام باییز دەنك لەدوای دەنکی شخارتەکەی لێدەدا و دەیگوت:

«نا، نەوتەکە خراپە، نەوت»

لەم کاتەدا سۆما بە دەنگێکی بەرزتر لە هەمووان گوتی: «بڕوابکەن ئەم خەڵوزەم لە هەموو شتەکانیدی باشتر شوشتووەتەوە».

نەسرین و خەڵات پێکەوە گوتیان:

«چییی؟»

مام باییزیش بە دەنگێکی خەندەئامێزەوە بە سۆمای گوت: «ئەوە هەموو ئیشی تۆیە گڕ ناگرێت ماموستای پاگژی!».

لەباتی ئەوەی سوپاسی هاوکاریی بکەن و گوێ لە ئامۆژگارییەکەی بگرن، کەوتنە قسە پێگوتنی، یەکێکیان گوتی:

«بڕۆ سەرخەویێك بشکێنە باشترە، تۆ بۆت نییە ئامۆژگاری ئێمە بکەیت».

ئەویدیکەش مۆڕەیەکی لێ کرد و گوتی:

« ئەگەر تۆ گێزەرێکت دۆزییەوە بەشی هاوڕێکەتی لێ بدە باشە».

بۆیە کەروێشك بە دڵساردی بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشت.

وەخت درەنگی کرد و هەردوو مێرووولەکە هەر نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، هەر یەکەیان لایەکی دەنکە گەنمەکەی توند گرتبوو و داوای لەویدی دەکرد وازی لێ بێنێ. ئەوان لەو مشتومڕەدا بوون لەپڕ مشکێك بەویدا هات و لە چاوتروکانێکدا دەنکە گەنمەکەی لەبەردەستیاندا دەرهێنا و لەو ناوە بزر بوو، مشك چی لێ هات، مشك بۆ کوێ چوو...؟ هیچیان مشکیان پێ نەدۆزرایەوە. بۆیە هەردووکیان بێ خواردن گەڕانەوە ماڵێ، ئەو شەوە هەردوو مێرووولەکە بە سکی برسی نووستن، بۆ بەیانی هەستانەوە و لەو ئاکارەی دوێنێیان پەشیمان بوونەوە و بڕیاریاندا بۆ لەمەودوا بە ئاشتی و تەبایی بژین و لەسەر ماڵی دنیاش هەرگیز نەیکەنە شەڕ و هەرا.



# ڕاز لەلادێدا

ڕاز کچێکی زیرەك و ژیرە، ئەو لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ناو شار و لە پۆلی دووەمی بنەڕەتیدا دەیخوێند، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەوان لە خانووی کرێدا بوون، ناچار بوون ئەم هاوینە خانووەکە چۆڵ بکەن و بچنە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری شار. باوکی ڕاز کرێکاری دەکات و دایکیشی ژنی ماڵەوەیە، هەروەها برایەکی لەخۆی بچووکتری هەیە و ناوی (چیا)یە و تەمەنی چوار ساڵانە.

ڕاز سەرەتا بەم بارکردنەیان زۆر نیگەران بوو، چونکە ئەو دەیویست ئەم هاوینە بەشداری لە چەند خولێکی زمانی ئینگلیزی و کۆمپیوتەردا بکات، بەڵام دواتر هەموو شتێك بە قازانجی ئەو تەواو بوو، چونکە لەو چوار مانگەی هاویندا، شارەزاییەکی زۆری لە فەرهەنگی گوندی کوردەواریدا پەیداکرد و کەڵکی لە کەشوهەوای ناوچەکەدا دی. ئەمەش ئەو کاتە دەرکەوت کە سێ کەس لە هاوڕێکانی سەردانی ڕازیان لە لادێکەدا کرد.

ئەو هاوڕێیانەی سەردانی (ڕاز)یان کرد بریتی بوون لە: (پەیام، میهرەبان و شاد)، ئەوان هەر یەکە دیارییەکی ناسکیان لە شارەوە بۆ ڕاز هێنابوو، هەر یەکەشیان کۆڵێك قسە و بابەتی هەبوو بۆ گوتن، سەبارەت بەو خولانەی بەشدارییان تێدا کردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی



سەرنج بوو، هەگبەی ڕاز لە هی ئەوان پڕتر بوو، چونکە جگە لەوەی لە خوێندنەوەی کتێب نەکەوتبوو، هەروەها بە دنیایەکیدیکەش ئاشنا بووبوو کە تا ئەو ساتە هەر سێ دەستەخوشکەکەی پێیان نەدەزانی.

ئەو ڕاستییەش ئەو دەمە دەرکەوت، کە ڕاز و سێ هاوڕێکەی چوونە ناو یەکێك لە باخچەکان، لەوێ ناوی چەند گوڵ و درەختێك لە ڕازەوە فێر بوون، کە پێشتر نەیاندەزانی. بۆ ئێوارەکەش چوونە دیوی دواوەی ماڵی ڕاز کە کۆمەڵێك گیانلەبەری ماڵی لێبوو، سێ دەستەخوشکەکەی ڕاز بە دیمەنەکە زۆر دڵخۆش بوون، وەلێ لە گیانلەبەرەکان دەترسان و بە دروستییش ناویان نەدەزانین، هەر وەك (پەیام) وایدەزانی کاریلە جوانەکە پەلاماری دەدا، دوایی ڕاز تێیگەیاند کە ئەوە گیانلەبەرێکی بێ وەی و سەلامەتە.

شادیش، جوانی بەرخۆڵەیەك زۆری سەرنجی ڕاکێشابوو، کەچی بە ڕازی دەگوت: «ڕازە گیان ئەو کوڕی مەڕە تەمەنی چەندە؟».

ڕاز پێدەکەنی و دەیگوت: «کچێ ئەوە بەرخە بەرخ، کوڕی مەڕی چی!».

لەو کاتەدا (میهرەبان) دەیپرسی: «ئەرێ ئەو مانگایە بۆ دەقیژێنێ؟».

دیسان ڕاز پێدەکەنی و دەیگوت: «ئۆ! مانگا دەبۆڕێنێ، خۆ ئەو ناقیژێنێ».

(چیا)ی براشی دەیپرسی: «دادە ئەوە ماڵی مریشك بۆ هێندە نزمە؟».

ڕاز وەڵامی دەدایەوە: «ئەوە کولانە یا کۆریتی پێدەڵێن، خۆ ناڵێن ماڵی مریشك».

ئەمجارەیان پەیام دەیپرسی: «ئەدی بە پرچی ئەو مەڕە دەگوترێت چی؟»

ڕاز: «پێیدەڵێن خوری».

بەمجۆرە ئەوان پرسیاریان لە ڕاز دەکرد، ئەویش بەشێنەیی وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە و هەڵەکانی بۆ ڕاست دەکردنەوە. ئەمە جگە لەوەی بە هۆی فەرهەنگەکەی گیرفانییەوە چەندین زاراوەی نوێی ئینگلیزی فێر بووبوو. بۆیە هەر سێ دەستەخوشکەکەی ڕاز، گەیشتنە ئەو باوەڕەی هاوڕێ گوندنشینەکەیان لە هەر کوێیەك بێت سوود لە دەوروبەری خۆی وەردەگرێت، بۆیە پیرۆزبایی ئەو هەنگاوەیان لێکرد، دڵنیاشیان کردەوە ماوەی چوار مانگی مانەوەی لە گونددا، زێتر لەوان سوودی وەرگرتووە و بە قەد چەند خولێکی ناو شاریش شارەزایی پەیدا کردووە.







## نووسەر لەچەند دێڕێکدا

* لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (خرابەدراو)ی نێزیک هەولێر، لە دایک بووە.
* لە ساڵی (١٩٩٧- ١٩٩٨) کۆلیژی کارگێڕی و ئابووریی لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر تەواو کردووە.
* لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە دەنووسێت، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین بابەت و ستوونی ڕۆژنامەوانی، هەروەها دەیان چاوپێکەوتنو ڕیپۆرتاژ و تەوەری ڕۆژنامەنووسی بڵاو کردووەتەوە.
* ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
* ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
* بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (جگەرگۆشەکان)ە.



**چاپکراوەکانی:**

- ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، ٢٠٠٤
- کەروێشک خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆک بۆ منداڵان، ٢٠١٠
- گوتوبێژ، نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە، ٢٠١١



چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر